چاپی دووەم

ئیسبرین کرۆییس - جێسن


فەلسەفەی کۆچەریی

خولیا هەنووکەییەکان

لە هزری فەرەنسیدا

وەرگێڕانی لە دانیمارکی و سویدییەوە:

هەنەرێن



16461

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

لەبڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و نەدەبی نما
زنجیرەی(١٣٩)

سەرپەرشتیکردنی پرۆژەی چاپی کتێب
ئیسماعیل کوردە

ناوی کتێب: فەلسەفەی کۆچەریی
بابەت: فەلسەفە
ناوی نۆرگینالی کتیب: Nomadfilosofi
نووسەر: Esbren Krause-Jensen
وەرگێڕی سوێدی: Joachim retzlaff
وەرگێڕانی لە دانمارکیی و سوێدییەوە: هەندرێن
کاری نەخشەسازی: نما
چاپی یەکەم: ٢٠٠لە بلاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و نەدەبی نماینزنجیرە ٠
چاپی دووەم: ٢٠١٣
ISBN) ژمارەی سپاردنی سوێد ٩٧٨-٩١-٦٣٧-٠-٢٧٩٠-٠
تیراژ: ٥٠٠
نرخ: ٣٠٠٠ دینارە
چاپخانە: شەهاب

مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڤاری نما پارێزراوە
لەبەرێەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی"٧٠٣"ی ٢٠١٣ی پێدراوە

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکیی چاپی دووەم

هەنووکە گفتوگۆی فەلسەفیی و پرسیاری پێویست بوون و نەبوونی فەلسەفە لە جڤاکی کوردستاندا، لە کاتی چاپی یەکەمی نەم کتێبە گەرمترە. بوونی نەو گفتوگۆیەش هەرچەند پەیوەندی بە سەرهەڵدانی پرسیارێکی فەلسەفیی و دۆخێکی فەلسەفەیی نەبوو کە بوونی کورد وەك بوونیکی بیرکەرەوە بەرهەمیهێنا بێت، بەڵکە پەیوەندی بە جگێزی کاری بەڕێوەبەرایەتی زانستگەوە هەبوو. لێرەوە مرۆڤ دوای نەو هەموو گرفت و تەنگانە رۆشنبیریی و بوونییەی کە لە جڤاکی کوردستاندا لە نارادان، خۆزگەی دەخواست دەستەیەك نووسەری بواری هزر و فەلسەفە و خوێندکار و مامۆستاگەلێکی بواری زانستە مرۆڤایەتییاکان لە زانستگەکانی کوردستان و دەرەوەدا سازیان بکردبا. لێ پرسیاریی پێداویستیی کردەی فەلسەفیی و بوونی فەلسەفە بە زۆری سەرهەڵنادا، بەڵکە نەو پرسیارە لەو کاتەدا لە دایك دەبێ کە بیرکردنەوە بە تۆخی لە ژیانی کورددا سەرهەڵبدا، یان بە لای کەمییەوە بیرکردنەوە بە دوای رێگەیەك، شێوازێکی نوێ بگەڕێ، تاکوو خۆی لە دۆخێك نیشانبدا و بخەملێنێ کە خوازیاری فەلسەفاندنە. فەلسەفە لە جڤاکێکدا کە کۆی رۆشنبیریی لە ستووندا کورتبکاتەوە، ناژیت. هەروا فەلسەفە لە کۆمەڵگەیەکدا کە رۆشنبیریی دەکا بە کالایەکی زۆر هەرزان، کڕیاری نابێ، چونکە نرخەکەی هەرزانە. رەچەڵەکە گرێکییەکەی فەلسەفە، خۆشەویستی زانین و هاندەریی دۆشدامانی مرۆڤ بوو. لێ مرۆڤ لە کۆمەڵگەی کوردستاندا کە خۆشەویستییەکی شێتانەی بۆ پارە هەیە، ناکرێ

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

هەستی دۆشدامانی لە بەرانبەر بوون هەبێ. سیاسەتی بە نابووربیکردنی مرۆڤ، بیرکردنەوە و مرۆڤگەلێك لە نابووربیەکی مەکینەیی بەرهەمدەهێنێ. کاتێك مەیلی بیرکردنەوە لە دایك دەبێ، کە خوێندن لە خوێندگە و زانستگەکاندا دەبێ بە نامانجێك لە بەرهەمهێنانی بیرکردنەوە و ویستی بیرکردنەوەی نوێ. فەلسەفە لە جڤاکێکدا هەڵناکا کە شەهادە و شۆرەت خەونی گەوردیەتی.

تێگەیشتن لە دۆخی رۆشنبیری کوردستان، بۆ سادەترین خوێنەر سەختە نییە" نەو دۆخە نەك هاندەر نییە پرسی فەلسەفیی و پرسیاریی پێویستبوونی فەلسەفە لە دایك بێ، بەڵکە هاندەر نییە کتێبی فەلسەفییش بە دەستەوە بگریت. لەوەش گەرێ کە لە کوردستاندا ناکار و ڕەفتاری زۆرینەی نەوانەی کە کاری فەلسەفییش دەکەن، دژە فەلسەفین، نەمەش وایکردووە نەو بە کەم سەیرکردنەی خەڵك لە فەلسەفەدا زیاتر بێت.

بەهەمە حال، چاپکردنەوەی نەم کتێبە لەو کاتەدا کە خوێندنەوەی ڕەخنەی نەدەبیی لە ڕوانگەی هزریی فەرەنسییەوە زۆر باوە، بۆیە بە لای کەمییەوە دەکرێ نەم کتێبە بۆ نەو خوێنەر و نووسەرە نوێیە بە سوود بێ. چونکە بۆ نەوەی نەو شێوازە لە ڕەخنەی نەدەبییە، بەرهەمی فەلسەفەی پۆستمۆدێرنە. نەم کتێبەش بریتییە لە کۆی هزرەکانی نەو فەیلەسووفە فەرەنسییانە کە فەلسەفە و نەدەبیان ناوێتە کرد. دوای خوێندنەوەکانی نەو فەیلەسووفە فەرەنسییانە لە دەقگەلێکی نەدەبی ناسراوی نووسەران، نەو شێوازە ڕەخنە نەدەبیی-فەلسەفییە پانتایی ڕەخنە لە زمانە جیاوازەکانی جیهاندا دەتنێتەوە. نەم کتێبەش خوێندنەوەیەکی چێژدار و فرەی هزرەکانی نەو فەیلەسووفانە لە خۆی دەگرێت.

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

دیارە ساڵی ٢٠٠٥ "سەنتەری نا سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و نەدەبی نـا"، نـەم کتێبـەیان بـە تیراژێکـی کـەم چـاپکرد و لـە سـنوورێکی دیاریکراویشدا دابەشکرا. بۆیـە لێـردوە سوپاسـی نیـسماعیل کـوردە و جەمال پیرە دەکەم کە دیـسانەوە چـاپی دووەمـی نـەم کتێبـەیان بـە هەنـد وەرگـرت. بـەو نومێـدەی بخـوێن بـە خوێندنـەوەی نـەم کتێبـەوە، چـێژی فەلسەیەکی راسانگر و دۆشدامای فەلسەفیی بچێژێ.

هەندرێن/ ٢٠١٣,٤,٢٢

ستۆکهۆڵم

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library